**کۆماری عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢١/١/٦ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

## دەروازەی یەکەم
## پرەنسیپە گشتییەکان

**ماددەی (١) :**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئـەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبـەریان دەگەیەنن:-

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند**: هەر یەکە لە وەزیر یان سەرۆکی لایەنـی نەبەسـتراوە بە وەزارەت یـان هەر کەسێك کە ڕێپێیدەدەن بە مەرجێك پـلەی وەزیفـی لە بەڕێـوەبەری گشـتی کەمتـر نەبێـت، دەگرێتەوە.

**چوارەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت**: موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

**ماددەی (٢) :**

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر موڵك و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەی دەوڵەت، لە کاتی فرۆشتن یـان بەکرێدان جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم**: موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیـاری دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد، لەکـاتی هـاتنەدی بەرژەوەنـدی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت، بە مەرجێك لە بڕیارەکەدا جۆر و خەسڵەت و بـڕی ئەو موڵك و ماڵە دیاری بکرێت کە بۆ فرۆشتن یان بە کرێدان دادەنرێت.

**دووەم:** فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت، لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا، و بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراون ئەنجامدەدرێت، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ڕێکارە یاساییەکانی لیژنەی خەمڵاندن، هەواڵە، فرۆشتن، بەکرێدان، وەرگرتنی بڕی بەرامبەری فرۆشتن و بەکرێدان و بەقیستکردن، تەنها لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند، لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی کۆنووس تێپەڕنەکات، بڕیاری کۆتاییان لەبارەوە دەدرێت، و بەبنبڕ دادەنرێن.

**دووەم:** ڕێژەی یاسایی خەمڵاندن، فرۆشتن یان بەکرێدان بە ئامادەبوونی گشت ئەندامەکانی دروست دەبێت، بڕیارەکانیشیان لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن بە زۆرینە دەردەچن، و ئەو ئەندامەی ڕایەکی جیاوازی هەیە دەبێت ڕایەکەی لە کۆنووس جێگیر بکرێت.

**ماددەی (٥):**

فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا، بۆ ئەو فەرمانبەرانەی بەشداربوون لە بڕیاری فرۆشتن یان بەکرێدان و ئەندامانی هەردوو لیژنەی خەمڵاندن و فرۆشتن یان بەکرێدان قەدەغەیە، ئەم حوکمەش هاوسەر و پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوارەم دەگرێتەوە.

**ماددەی (٦):**

فرۆشتنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێپێدراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێم.

## دەروازەی دووەم

## فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەزیادکردنی ئاشکرا

### بەشی یەکەم

### لیژنەکانی خەمڵاندن، فرۆشتن یان بەکرێدان

**ماددەی (٧):**

فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو لیژنانەوە ئەنجام دەدرێت کە بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند پێکدەهێنرێت.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** لیژنەی خەمڵاندن لە ژمارەیەك فەرمانبەری شارەزا پێکدەهێنرێت کە ژمارەیان لە (٣) سێ کەس کەمتر نەبێت و پلەی وەزیفی هیچ کامیان لە پلە پێنج کەمتر نەبێت.

**دووەم:** فەرمانبەرێـك لە فەرمـانگەی تۆمـارکردنی خـانووبەرە و فەرمـانبەرێکی ژمێرکـاریی لە فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری هاوەڵی ئەو لیژنەیە دەکەن کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووسکراوە.

**سێیەم:** لیژنە دەتوانێت پشت بە کەسانی شارەزا و تایبەتمەند ببەستێت.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** لیژنەی پێکهاتوو بەپێی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە، ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدات:-

١. دەرخستەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە، بۆ دیارکردنی شوێن، ژمارە، ڕەگەز، جۆر، سنوور، خەسڵەت، ڕووبەر و پێکهاتەکـانی، لەگەڵ جێگیرکردنـی ئەوەی لەسـەری دروسـتکراوە یـان چێنـدراوە یـان ڕوێندراوە.

٢- خەمڵانـدنی بەهـای شایسـتەی موڵـك و مـاڵە نەگـوازراوەکە یـان کرێـی شایسـتەی سـاڵانەی، لەبەر ڕۆشـنایی بەهـای خەمڵێنـراو لەلایەن فەرمـانگەی تۆمـاری خـانووبەرە و بەهـای خانووبەرەکانی هاوسێی یان هاوشێوەی، یـان بەهـای فرۆشـتنی یـان کرێـی سـاڵانەی ڕاستەقینە یـان خەمڵێنـراوی بـۆ مەبەسـتەکانی بـاج، هەروەهـا لیـژنە دەتوانێـت پشـت بەو شـارەزایانە ببەستێت کە پێی باشە، و بڕیارەکە لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن بە زۆرینە وەردەگیرێت .

٣ـ لیـژنە کۆنووسـێك ڕێکـدەخات و ئەو زانیارییـانە لەخـۆ دەگرێـت کە لە هەردوو خـاڵی (١ و ٢)ی ئەم بـڕگەیەدا دەقنـووسکراون، و لەلایەن ئەنـدامانی لیـژنە و فەرمـانبەری تۆمـاری خـانووبەرە و فەرمـانبەری ژمێـرکاریی لە وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری و شـارەزایان ئەگەر هەبـن ، واژۆ دەکرێت.

**دووەم:** دەسەڵاتی تایبەتمەنـد دەتوانێـت داوا لە لیـژنەی خەمڵانـدن بکـات بـۆ دووبـارە خەمڵاندنەوە، ئەگەر بڕی خەمڵێنراوی پێ شایستە نەبوو یان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بنەماکانی خەمڵاندنی هاتوو لەم یاسایە، وەك پێویست پیادەنەکراوە.

**ماددەی (١٠):**

لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان، بۆ لەئەستۆگرتنی ڕێکارەکانی فرۆشـتنی موڵـك و مـاڵی نەگـوازراوەی دەوڵەت یان بەکرێدانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە (٣) سێ فەرمانبەری شارەزا پێکدەهێنرێت ، کە ناونیشـانی وەزیفـی هەر یەکێکیـان لە بەڕێـوەبەر یـان سـەرۆکی تێبینـەران کەمتـر نەبێـت ، یان لانیکەم (١٠) دە ساڵ ڕاژەی وەزیفی هەبێت.

**ماددەی (١١):**

لەکـاتی فرۆشـتن یـان بەکرێـدانی موڵـك و مـاڵێکی نەگـوازراوەی دیـاریکراودا، سـەرۆك و ئەنـدامانی لیژنەی خەمڵاندن، ناکرێنە ئەندامی لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان.

## بەشی دووەم
## ڕێکارەکانی فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت

**ماددەی (١٢):**

ڕێکارەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

**یەکەم:** ڕێکخستنی لیستی زیادکردن لەبەر ڕۆشنایی خەسڵەتەکانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە کە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە چەسپێنراوە، و ئەگەر زیاتر لە موڵك و ماڵێکیش بوو، ئەوا بۆ هەریەکێکیان لیستێکی زیادکردن ڕێکدەخرێت.

**دووەم:**

١ـ جاڕنامەی فرۆشتن یان بەکرێدان بە زیادکردنی ئاشکرا، لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بڵاودەکرێتەوە، کە یەکێکیان لە هەولێر و ئەوی دیکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایە دەبێت کە زیادکردنەکەی تێدا دەکرێت، وێنەیەکی جاڕنامەکەش لەو فەرمانگەیە هەڵدەواسرێت کە فرۆشتن یان بەکرێدانەکە ئەنجام دەدات، لیژنە دەتوانێت بڕیاری بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە، لەناویاندا پێگە ئەلکترۆنیە فەرمییەکان، بدات.

٢ـ ئەو موڵك و ماڵە نەگوازراوەی، بەهای خەملێنراوی بەکرێدانی ساڵانەی لە (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر بێت، لە جاڕدان بەدەردەکرێت.

**سێیەم:**

١ـ جاڕنامەکە گشت ئەو خەسڵەتانەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە، کە لە کۆنووسی لیژنەی خەمڵاندندا هاتوون، ڕۆژ و ڕێکەوت و کاتژمێری زیادکردنەکە، مەرجەکانی بەشداریکردن، ئەو شوێنەی تیایدا ئەنجامدەدرێت و بڕی ئەو بارمتانەی (تأمینات) پێویستە سپاردە بکرێن، لەخۆدەگرێت.

٢ـ فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە بەپێی ئەو ڕێزبەندییەی لە جاڕنامەکەدا هاتووە، ئەنجامدەدرێت.

**چوارەم:** لیستی زیادکرنەکە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ کراوە دەبێت، و پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی خواستی کڕین یان بەکرێگرتنی موڵك و ماڵەکەیان هەیە، سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ دەربڕینی خواستنی کڕین یان بەکرێگرتن، بەو مەرجەی هەر یەکێکیان پێش بەشداریکردنی لە زیادکرنەکە بارمتەیەك سپاردە بکات، بڕەکەی لە (٢٠%) بیست لەسەدی بەهای خەملێنراو لە حاڵەتی فرۆشتن و لە کۆی بڕی بەرامبەری بەکرێدان بۆ تەواوی ماوەکەی لە حاڵەتی بەکرێدان، کەمتر نەبێت.

**پێـنجەم:** زیـادکردن بە مەبەسـتی فرۆشـتن یـا بەکرێـدان تەنهـا لە بـازنەی ئەو یەکە کـارگێڕییە ئەنجامدەدرێت کە موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی تێدایە، دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت لەکاتی پێویسـتدا بڕیـار بـدات کە زیـادکردنەکە لە ناوەنـدی ئەو پارێزگـایە بکرێـت کە موڵـك و مـاڵە نەگوازراوەکەی تێدایە.

**شەشـەم:** لە ڕۆژی دوای کۆتـایی هـاتنی ئەو مـاوەیەی کە لە بـڕگەی (چـوارەم)ی ئەم مـاددەیەدا دەقنووسکراوە، لەو کات و شوێنەی دیاریکراون بۆ فرۆشتن یان بەکرێدان، بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنەکە بانگەواز دەکرێت، بەمەرجێـك بـانگەوازەکە وەسفکردنێکی تەواوی موڵـك و مـاڵە نەگوازراوەکە لەخۆ بگرێت.

**حەوتەم:** زیـادکردنەکە بە ئاشـکرا دەبێـت، بە زیـاتر لە (٧٠%) حەفتـا لەسـەدی بەهـای خەمڵێنـراو دەستپێدەکات، دواتر لیژنەی فرۆشتن یا بەکرێدان بڕیاری بەرکەوتنی (رسو) زیـادکردنەکە بـۆ کۆتا کەسی زیادکار دەدات و ئەو خستنەڕووەی لە ماوەی (٥) پێنج خولەك هیچـی لەسـەر زیـاد ناکرێت، بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەنرێت.

**هەشتەم:**

١ـ دەکرێـت لەسـەر بـڕی بەرامبەری دوایـین زیـادکردن، لە مـاوەی (٥) پێـنج ڕۆژی کـار لە ڕێکەوتـی بەرکەوتنی (رسو) زیادکردنەکە، بە بڕێك کە کەمتر نەبێت لە (١٥%) پازدە لەسەدی دوایین ئەو بڕی بەرامبەرەی زیادکردنەکە پێی گەیشتووە، خستنەسەر (ضم) لەلایەن کەسی ترەوە، بکرێت.

٢ـ لە ئەگەری بـوونی داواکـاریی خستنەسـەردا، لە ڕۆژی دوای بڵاوکـردنەوەی جاڕنـامەیەك بە هەمـان میکـانیزمی یەکەمجـار، زیـادکردنێکی نـوێ بـۆ مـاوەی (٧) حەوت ڕۆژ دەکـرێتەوە، دواتـر هەواڵە دەکرێت و نابێت جارێکی تر خستنەسەر لەسەر کۆتا بڕی بەرامبەری زیادکردنەکە، بکرێت.

٣ـ داواکاریی خستنەسـەر، تەنها دوای وەرگرتنـی بـارمتە یاسـاییەکان، ئەوانەی بەپێـی ئەو ڕێـژەیەی لەسەر بنەمای ئەو بڕی بەرامبەرە دیارکراوە کە کەسی داواکار خستوویەتیەڕوو، قبوڵ دەکرێت.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** ئەگەر لە ئەنجامی زیادکردنەکە، بڕی بەرامبەر نەگەیشتە بەهای خەمڵێنـراو، ئەوا زیـادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژی تر درێـژ دەکـرێتەوە، کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکـردنەوەی جاڕنـامەکەوە دەستپێدەکات.

**دووەم:**

١- ئەگەر بـڕی بەرامبـەر لە ئەنجـامی زیـادکردنی دووەم، نەگەیشـتە (٨٠%) هەشـتا لە سـەدی بەهـای خەمڵێنـراو، ئەوا لەلایەن لیژنەیەکـی دیـکە خەمڵانـدن بـۆ بەهـای موڵـك و مـاڵە نەگـوازراوەکە دەکرێتەوە، و جارِدەدرێت بۆ ئەنجامدانی زیادکردنێکی نوێ.

٢ـ لەکاتی نەگەیشتنی بڕی بەرامبەر بە (٨٠%) هەشتا لەسەدی بەهای خەملێنراوی جاری دووەم، ئەوا پرسەکە دەخرێتە بەردەم دەسەڵاتی تایبەتمەند، بۆ تاوتوێکردنی هۆیەکان و چارەسەرکردنیان، یان هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنە ئاشکراکە.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:**

١ـ لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایە، فرۆشتنی خانوو، شووقە یان زەوی نیشتەجێبوون کە ڕووبەری لە (٣٠٠م٢) سێ سەد مەتر دووجا زیاتر نییە و خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، لەناو فەرمانبەراندا جاڕدانی بۆ دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- فرۆشتن یەکەمجار لەنێوان فەرمانبەرانی یەك وەزارەتدا دەکرێت، لەگەڵ پێدانی پێشەنگی (الأولوية) بۆ فەرمانبەرانی ئەو فەرمانگەیەی خانوو، شووقە یان زەوی نیشتەجێبوونەکەی داناوە بۆ فرۆشتن.

ب ـ ئەگەر هیچ فەرمانبەرێکی وەزارەت یان فەرمانگەی پەیوەندار خواستی کڕینیان نەبوو، یان بەشێك لە موڵکەکە بە نەفرۆشراوی مایەوە، ئەوا سەرلەنوێ جاڕدانی فرۆشتن بەڕێگەی زیادکردن لەناو سەرەجەم فەرمانبەرانی هەرێم، دەکرێت.

ج ـ لە ئەگەری نەبوونی کڕیاری فەرمانبەر، یان مانەوەی بەشێکی موڵکەکە بە نەفرۆشراوی، ئەوا سەر لەنوێ جاڕدانی فرۆشتنی بە ڕێگەی زیادکردن لەناو سەرەجەم هاوڵاتیاندا بۆ دەکرێت.

د ـ لە سەرجەم بەندەکانی (أ، ب، ج) پێشەنگی بۆ ئەوانە دەبێت کە هاوسەرگیرییان کردوە، و خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان، خانوویەك یان شووقەیەك یان زەوییەکی نیشتەجێبوونیان بەشێوەی سەربەخۆ نییە و پێشتر یەکەیەکی نیشتەجێوون یان پارچە زەوییان لە دەوڵەت یان لە کۆمەڵە هەرەوەزییەکان وەرنەگرتووە.

٢ـ حوکمەکانی خاڵی (١)ی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لەسەر ئەو فەرمانبەرەش جێبەجێ دەبێت کە لەناو یەکەیەکی نیشتەجێبوونی فەرمانگەیەکی دیارکراو نیشتەجێبووە، هەرچەندە لەسەر بنەمای پێداویستی کار بۆ فەرمانگەیەکی دیکە لەناو هەمان وەزارەت گوازرابێتەوە، بەمەرجێك سەرباری گواستنەوەی ڕاژەکەی بە نیشتەجێی ئەو یەکەیە مابێتەوە.

**دووەم:**

١ـ فەرمانبەری خانەنشینکراو، ئەگەر پێشتر سوودمەند نەبوویێت، دەتوانێت بەشداری لە زیادکردنی جاڕدراو بۆسەرجەم فەرمانبەران بکات، بۆ کڕینی ئەو خانووبەرانەی نیشتەجێبوون کە لە خاڵی (١)ی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە.

٢ـ ئەگەر لەکاتی فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوونەکە، بە کردەنی و بە شێوەیەکی یاسایی و لەسەر بنەمای ئەو ڕێکارانەی لە یاسا بەرکارەکاندا دەقنووسکراون، خانەنشینکراو نیشتەجێی یەکەکە بێت، ئەوا هەمان مامەڵەی فەرمانبەری ئەو فەرمانگەیەی لەگەڵ دەکرێت کە خاوەندارێتی یەکەکە دەکات، بەمەرجێك پێش خانەنشینبوونی فەرمانبەری هەمان فەرمانگە بووبێت.

٣ـ بۆ ئەوەی فەرمانبەری خانەنشینکراو لە حوکمی خاڵی (٢)ی ئەم بڕگەیە سوودمەند بێت، پابەند دەکرێت پێش بەشداربوون لە زیادکردن بەشێوەیەکی نووسراو بەڵێن بدات بە چۆڵکردنی یەکە نیشتەجێبوونەکە لە ماوەی (٦) شەش مانگ لەو ڕێکەوتەی کەبڕیاری هەواڵەکردنی زیادکردنەکە بۆ کەسێکی دیکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت، بەپێچەوانەوە، یەکە نیشتەجێبووەنەکەی بەزۆرەکی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی تایبەتمەندەوە بەبێ پێدانی هیچ ماوەیەکی دیکە ، پێ چۆڵدەکرێت.

**سێیەم:** پشکی هاوبەشی ناو یەکە نیشتەجێبوونەکانی نەشیاو بۆ جیاکردنەوە (ئیفرازکردن)، بەدەر دەکرێن لە حوکمی بڕگەی (یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیە، و جاڕدانی فرۆشتن بۆ سەرجەم هاوڵاتیان، دەکرێت.

**ماددەی (١٥)**

دەسەڵاتی تایبەتمەند، دەستڕۆیە بۆ مەبەستەکانی چالاکی بازرگانی، پیشەسازیی، گەشتوگوزاریی و وەبەرهێنان، لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە، بەهەمان ئەو ڕێکارانەی لە ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراون، بونیادنانی مافەکانی بانەوانیی (المساطحة) لەسەر موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان، ڕابگەیەنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: نابێت ماوەی بانەوانیی لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ زیاتر بێت، و یارای نوێکردنەوە و بەموڵککردنی بۆ بانەوانیکار نییە، دوای کۆتایهاتنی ماوەی بانەوانیی هەرچی بونیادنرابێت، دەبێتە موڵکی خاوەنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە، بەبێ بەرامبەر.

**دووەم**: بڕی بەرامبەری بانەوانیی ساڵانە وەردەگیرێت، بەمەرجێك هەر (٥) پێنج ساڵ جارێك، لە ڕێکەوتی گرێبەستی بانەوانیی پێداچوونەوەی بۆبکرێت، ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیری دارایی و ئابووری دەریدەکات.

**سێیەم:**

١ـ بانەوانیکار، لەو ماوەیەی لە گرێبەستی بانەوانیی دیارکراوە، و ڕەزامەندی دەسەڵاتی تایبەتمەندی لەسەردراوە، پابەندی دروستکردنی بیناکاریی دەبێت.

٢- بانەوانیکار، بارمتەی کۆتایی، کە یەکسان بێت بە (٥%) پێنج لەسەدی بەهای تەواوی بڕی بەرامبەری زیادکردنەکە بۆ تەواوی ماوەی گرێبەستەکە، بۆ مسۆگەرکردنی باش جێبەجێکردنی بیناکارییەکە پێشکەش دەکات، کە بەدرێژایی ماوەی گرێبەستی بانەوانکارییەکە دەمێنێتەوە، و تا کۆتایی هاتنی ماوەکەی ڕادەستی ناکرێتەوە، و ساڵانەش بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ پێداچوونەوەکان، نوێدەکرێتەوە.

٣ـ ئەگەر لەو ماوەیەدا بانەوانیکار تەواوی بیناکارییەکانی دروست نەکرد، ئەوا بڕە بارمتەکراوەکە دەستی بەسەردادەگیرێت، و گرێبەستی بانەوانییەکە بە هەڵوەشاوە ئەژماردەکرێت، و ئەو بیناکارییەی هەیە بەبێ بەرامبەر دەبێتە موڵکی ئەو لایەنەی خاوەنداریێتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە دەکات.

**چوارەم**: ئەگەر کەسی بانەوانیکار لە دانەوەی بڕی بەرامبەری ساڵانە لە وادەی دیاریکراویدا دواکەوت، ئەوا دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت وەرگرتنی ئەو بڕی بەرامبەرە بۆ ماوەیەکی گونجاو لە ڕێکەوتی شایستەبوونیەوە دوابخات، لەم بارەشدا سوودی دواکەوتن بەڕێژەی (٧%) حەوت لەسەدی بڕی بەرامبەری شایستە دەخرێتە ئەستۆی کەسی بانەوانیکار، ئەگەر دواکەوتن دووبارە ببێتەوە، ئەوا دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت گرێبەستی بانەوانیی هەڵبوەشێنێتەوە و بیناکارییەکان بەبێ بەرامبەر دەبنە موڵکی ئەو لایەنەی خاوەنداریێتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە دەکات.

## بەشی سێیەم

## دانەوەی بڕی بەرامبەر

### لقی یەکەم

### دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** کڕیار پابەندە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ، بە یەکجار بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە، بدات.

**دووەم:** بەدەر لەحوکمەکانی بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیە، دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت ڕەزامەندی لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتن بە شێوەی قیست بدات، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- نیوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتن و تەواوی خەرجییەکان لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ.

٢ـ ئەوی دەمێنێتەوە لە بڕی بەرامبەری فرۆشتن، دەکرێت بە چەند قیستێك، بەمەرجێك لە (٥) پێنج قیست زیاتر نەبێت، و وادەی دوایین قیست نەگاتە زیاتر لە (٣) سێ ساڵ لە کۆتایی ئەو ماوەیەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا دیاری کراوە.

**سێیەم:** لەکاتی فرۆشتنی خانووبەرەی نیشتەجێبوونی مولکی دەوڵەت یان کەرتی گشتی بە فەرمانبەران، بۆ دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە، ئەو حوکمانەی خوارەوە پیادە دەکرێت:

١- ڕێژەی بارمتەکان (٥٪) پێنج لەسەدی بەهای خەملاندنی یەکە یان پارچە زەوی نیشتەجێبوونەکە دەبێت.

٢- ڕێژەی (٥%) پێنج لەسەدی بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە وەك پێشەکی وەردەگیرێت و باقیەکەی بە قیستی ساڵانەی یەکسان بۆ ماوەی (١٥) پازدە ساڵ لە ڕێکەوتی فرۆشتنەکە دەدرێتەوە.

**چوارەم:** سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان هەرکەسێك کە ڕێی پێدەدات، دەتوانێت دووبارە ماوەی قیستی شایستەی سەر پرۆژەکانی پیشەسازیی، کشتوکاڵی و گەشت و گوزاریی، فرۆشراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەجۆرێك دابڕێژێتەوە کە ماوەی دانەوەی قیستەکان درێژبکاتەوە، پاڵپشت بە ڕاسپاردەی لیژنەیەکی تایبەتمەند کە بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان هەر کەسێك کە ڕێپێدەدات، پێکدەهێنرێت، لەسەر بنەمای پاساو یان بارودۆخی زۆر پێویست، بەرامبەر بە بڕی ئەو سوودی دواکەوتنەی کە بانکە حکومییەکان بەپێ سروشتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە وەریدەگرن.

**ماددەی (١٧):**

**یەکەم:** ئەگەر کڕیار لە دانەوەی یەکێك لە قیستەکان لە وادەی خۆیدا دوابکەوێت، ئەوا دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت وەرگرتنەوەی ئەو قیستە لەسەر داوای کڕیار بۆ ماوەیەکی گونجاو لە ڕێکەوتی شایستەبوونیەوە دوابخات، بەرامبەر بە بڕی ئەو سوودی دواکەوتنەی کە بانکە حکومییەکان بەپێی سروشتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە وەریدەگرن.

**دووەم:** ئەگەر دواکەوتنی قیست دووبارە ببێتەوە، ئەوا دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت یان لەسەر بنەمای پێویستیەکی دیاریکراو وەرگرتنەوەی قیست یان قیستە دواکەوتووەکان لەگەڵ ئەو سوودەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووسکراوە قبوڵ بکات، یان بە قیستکردنەکە هەڵبوەشێنێتەوە و ئەوەی لە بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە ماوە بەیەکجار وەریبگرێتەوە، بە گرتنەبەری ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:

١- ئەگەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە بەناوی کڕیار تۆمار نەکرابێت، ئەوا خاوەنەکەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیفرۆشێتەوە، لەم بارەشدا کڕیاری (دووەم) بەیەکجار بڕی بەرامبەری کڕینەکە دەدات، و ئەو قیستانەی لە ئەستۆی کڕیاری (یەکەم) مابوونەوە لەگەڵ سوودەکانی دواکەوتن و خەرجییەکانی فرۆشتنی دووەم لە بەهاکەی وەردەگیرێت، و دوای ئەوەی شایستەیەکانی کڕیاری (یەکەم) ڕادەست دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە وەك داهاتێك بۆ فرۆشیار تۆمار دەکرێت.

٢- ئەگەر خانوبەرەکە بەناوی کڕیار تۆمار کرابێت، ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی بەرکار لە هەرێم، لەسەر ئەو بنەمایەی بەحوکمی بارمتەی گەرینتیکار گلدراوەتەوە دەفرۆشرێت، و ئەو قیستانەی لە ئەستۆی کڕیاری (یەکەم) ماونەتەوە لەگەڵ سوودەکانی دواکەوتن، لە بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە وەردەگیرێت، وهەرچی دەمێنێتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە بەپێی یاسا ڕادەستی کڕیاری (یەکەم) دەکرێت.

**ماددەی (١٨):**

خانووبەرەی فرۆشراو لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە بەناوی کڕیار تۆمار دەکرێت و لە دوای هەواڵەکردنی بنبڕ و دانەوەی تەواوی بڕی بەرامبەرەکە و خەرجییەکان، یان ئەو بەشەی پابەندە بەدانەوەی، لەدوای ڕەزامەندیدان لەسەر بەقیستکردنی و تەواوی خەرجییەکان، ڕادەستی دەکرێت و دانەوەی باقی بەرامبەرەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێکدەخرێت، و ئاماژەی گلدانەوە بە حوکمی بارمتەی گەرەنتیکار لەسەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دادەندرێت.

## لقی دووەم
## دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدانی موڵك و ماڵی نەگوازراوە

**ماددەی (١٩):**

**یەکەم:** کرێچی پابەند دەبێت بە دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێت، و دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت ڕەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدانەکە بە قیست بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- (٣/١) یەك لەسەر سێی بڕی بەرامبەری بەکرێدانی ساڵانە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ.

٢ـ باقی بڕی بەرامبەری بەکرێدانی ساڵانە بە چەند قیستێك، بەو مەرجەی لە (٤) چوار قیست زیاتر نەبێت و وادەی دوایین قیست نەگاتە زیاتر لە (٩) نۆ مانگ لە ڕێکەوتی دەستپێکردنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانەکە.

**دووەم:** ئەگەر ماوەی گرێبەستی بەکرێدان لە ساڵێك زیاتر بێت ئەوا کرێچی پابەند دەکرێت بەدانەوەی تەواوی بڕی بەرامبەرەکە لەگەڵ خەرجییەکان لە ماوە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ، و دەسەڵاتی تایبەتمەند دەشتوانێت ڕەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدانەکە بەقیست بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- (٣/١) یەك لەسەر سێی تەواوی بڕی بەرامبەری بەكرێدانەكە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێكەوتی هەواڵەكردنی بنبڕ.

٢- باقی بڕی بەرامبەرەكە بە چەند قیستێك، كە ژمارەیان لە دووهێندەی ساڵەكانی بەكرێدان زیاتر نەبێت، بەو مەرجەی دوایین قیست لانیكەم بەر لە كۆتایی هاتنی ماوەی بەكرێدانەكە بە (٦) شەش مانگ بدرێت.

**ماددەی (٢٠):**

**یەكەم:** بەكرێدراوەكە ڕادەستی كرێچی ناكرێت بەر لە دانەوەی بڕی بەرامبەری بەكرێدانەكە بەپێی حوكمەكانی ماددەی (١٩)ی ئەم یاسایە.

**دووەم:** ئەگەر كرێچی دوابكەوێت لە دانەوەی یەكێك لە قیستەكان لە وادەی خۆیدا، ئەوا ئەو قیستەی دواكەوتووە پێبژاردنێكی دەخرێتەسەر كە هاوتابێت لەگەڵ نرخی ئەو سوودی دواكەوتنەی بانكە حكومییەكان بەگوێرەی سروشتی بەكارهێنانی خانووبەرەكە وەریدەگرن، و ئەگەر ئەمە دووبارە ببێتەوە ئەوا دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت لە دوای هۆشداریدان بە كرێچی، قیستەكان هەڵبوەشێنێتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە بڕی بەرامبەری بەكرێدانكە و پێبژاردنێكی هاوتا لەگەڵ نرخی سوودی بانكە حكومییەكان، بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حكومییەكانی بەركار لە هەرێم، بەیەكجار وەربگرێتەوە.

## بەشی چوارەم

## پاشگەزبوونەوەی كڕیار یان كرێچی

**ماددەی (٢١):**

**یەكەم:** ئەگەر كەسی هەواڵبۆكراو لە دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشراوەكە و خەرجییەكان لە حاڵەتی فرۆشتن ، و بڕی بەرامبەری بەكرێدان و خەرجییەكان لە حاڵەتی بەكرێدان پاشگەز ببێتەوە ، ئەوا:

١- موڵك و ماڵە نەگوازراوەكە دەخرێتە بەردەم دواهەمین كەسی بەشداربووی زیادكردنەكە ، ئەوەی كە پێش كەسی پاشگەزبووەوە دەستی لە زیادكردن كێشاوەتەوە، بەو بڕی بەرامبەرەی كە خستبوویە ڕوو.

٢- ئەگەر ئەو كەسە ڕازیبێت لەسەر هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەكە و ئامادەبێت بارمتەی یاسایی دیاریكراو لەسەر بنەمای ئەو بڕی بەرامبەرەی خستبوویەڕوو سپاردە بكات، ئەوا بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن یان بەكرێدان، لەو بارمتەیەی كەسی پاشگەزبووەوە داویەتی، جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر لە حاڵەتی فرۆشتن، و جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەری ماوەی تەواوی بەكرێدان لە حاڵەتی بەكرێدان، وەردەگیرێت.

٣ـ ئەگەر بڕی بارمتەکە کەمتر بوو لە بڕی جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر لە حاڵەتی فرۆشتن و جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەری ماوەی تەواوی بەکرێدان لە حاڵەتی بەکرێدان، ئەوا لە موڵك وماڵەکانی دیکەی، بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم، بەدەستدەهێندرێت.

**دووەم:**

١ـ ئەگەر دواهەمین کەسی بەشداربووی زیادکردنەکە ئەوەی کە پێش کەسی پاشگەزبووەوە دەستی لە زیادکردن کێشاوەتەوە هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە ڕەتبکاتەوە، ئەوا سەرلەنوێ زیادکردن بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە ئەنجام دەدرێتەوە.

٢ـ لیستی فرۆشتنەکە لەو ماوەیەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە کراوە دەبێت، و بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان، کەسی پاشگەزبووەوە جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەرەکە و خەرجییەکانی دووبارەکردنەوەی زیادکردنەکە لە ئەستۆ دەگرێت، و لە بڕی بارمتەکەی وەردەگیرێت، ئەگەر بڕی بارمتەکە کەمتر بوو لە بڕی پابەندییەکانی پاشگەزبووەوە، ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لێی وەردەگیرێت.

**سێیەم:** ئەگەر هیچ کەسێك خواستی کڕینی لە حاڵەتی فرۆشتن یان بەکرێگرتنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی لە حاڵەتی بەکرێدان نەبوو، ئەوا ئەو بارمتەیەی کەسی پاشگەزبووەوە داویەتی دەبێتە داهاتێك بۆ خاوەنی موڵك و ماڵەکە، ئەگەر بڕی بارمتەکە کەمتر بێت لە خەرجییەکانی هەردوو زیادکردنەکە ئەوا کەسی پاشگەزبووەوە جیاوازی نێوانیان لەئەستۆ دەگرێت و بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لە موڵك و ماڵەکانی دیکەی بەدەستدەهێنرێت.

**چوارەم:** ڕێگە نادرێت کەسی پاشگەزبووەوە بەشداربێت لەو زیادکردنەی پاشگەزبوونەوەکە بۆتە هۆکاری دووبارەکردنەوەی.

## دەروازەی سێیەم
## فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك وماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەبێ زیادکردن
## بەشی یەکەم
## فرۆشتنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم:** دەکرێت موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە بڕی بەرامبەرێکی گونجاو، بەو مەرجەی کەمتر نەبێت لە (٥٠%) پەنجا لەسەدی نرخی ڕاستەقینەی خانووبەرەکە، بفرۆشرێنە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە حاڵەتی بەکارهێنانی خانووبەرەکە بۆ مەبەستە فەرمییەکانی فەرمانگە لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

**دووەم:** دەکرێت خانووبەرەکانی نیشتەجێبوون بفرۆشرێنە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بەبێ زیادکردنی ئاشکرا، بە نرخی ڕاستەقینە و بەپێی نرخە باوەکانی خانووبەرە هاوشێوە و هاوسێیەکان، خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن و پەسەندکراو لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند بەمەبەستی فرۆشتنی بە فەرمانبەرەکانی لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە.

**سێیەم:** شارەوانی تایبەتمەند لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دەتوانێت ئەو زەوییانەی بۆ نیشتەجێبوون تەرخانکراون بە بەرامبەرێکی ڕاستەقینە و بەپێی نرخە باوەکانی هاوشێوە و هاوسێیەکانی، خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشرێتە ئەو هاونیشتیمانیانەی کە خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان خانوو یان شووقە یان زەویەکی نیشتەجێبونیان بە سەربەخۆیی نییە و پێشتر یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوی نیشتەجێبوونیان لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکردن وەرنەگرتووە.

**چوارەم:** دەسەڵاتی تایبەتمەند، لە ڕێگەی کۆنووسی دەرخستەکردن لەگەڵ فەرمانگەی خانووبەرە بۆی هەیە بڕیار بدات بە:

١ـ فرۆشتنی پاشماوەی ڕێگەوبانەکان و هەموو پاشماوەکانی دیکە، کە ڕووبەرەکانیان لە کەمترین، ڕووبەری دیاریکراو بۆ جیاکردنەوە (أفراز) کەمترە، یان ئەوانەی یارای جیاکردنەوە نین، ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت و وەزیری تایبەتمەند دەری دەکات.

٢ـ فرۆشتنی پارچە زەوی جیاکراوە بە قەواڵەیەکی سەربەخۆ، یان ئەو پارچە زەویەیی دەکرێت جیابکرێتەوە و دەروازەیەکی هەیە لەسەر ڕێگەی گشتی، وەك پارچە زەویەکی سەربەخۆ، بە زیادکردنی ئاشکرا، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەو مەرجەی ڕێگە لە پارچە زەویەکانی دەوروبەری نەگرێت.

## بەشی دووەم
## بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان

**ماددەی (٢٣):**

**یەکەم:**

١ـ دەکرێت موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان بە بڕی بەرامبەری ڕاستەقینە و خەملێنراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەلایەن لیژنەی خەملاندن، لەسەر بنەمای بڕی بەرامبەری هاوشێوە و هاوسێ، بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بەکرێ بدرێن بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:

أـ فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم سەبارەت بەو یەکانەی نیشتەجێبوون کە موڵکی دەوڵەتن.

ب ـ فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، سەندیکا، یەکێتی، ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لە هەرێم بۆ مەبەستی وەسوودهێنانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە وەك فەرمانگە یان بارەگایەك بۆ کارەکانی یان بۆ ئەو مەبەستانەی لە یاساکانیاندا دەقنووسکراون.

ج ـ کرێچی حانووتی هێزە چەکدارەکان، کە دەکەونە ناو سەربازگە و کۆگا و فێرگە و نەخۆشخانە سەربازییەکان و هی دیکە، و کرێچی حانووتەکان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، ئەوانەی بارودۆخی تایبەتیان هەیە و پێویستە ڕەچاوی تایبەتمەندیان بکرێت لە دەستنیشانکردنی کەسی کرێچیدا.

د - خاوەنی ئەو موڵکانەی دەکەونە تەنیشت کەنارە ئاوییەکانی موڵکی دەوڵەت، ئەگەر ئەو کەنارانەی دانراون بەکرێ بدرێن پێیەوەلکاوبن و ڕێگەی هاتووچۆیان تەنها لەناو ئەو موڵکانەدا هەبێت.

هـ ـ کرێچی ئەو خانووبەرانەی تەرخانکراون بۆ بەرهەمهێنانی نان و سەمون لە دوای کۆتایهاتنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی یەکەمیان، هەرچەندە پێشتر لە ئەنجامی زیادکردنی ئاشکراوە بەکرێ درابن، بەو مەرجەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان دووبارە خەمڵاندنی لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ بکرێت.

و ـ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە پسپۆڕن لە سیستەمەکانی گەیاندن، ئەوانەی مۆڵەتی یاساییان وەرگرتووە و گرێبەستیان کردووە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند، بە مەبەستی دروستکردنی تاوەرەکانی پڕۆژەی مۆبایل و هۆڵەکانی پڕۆژەی مۆبایلی بێتەل و هۆڵەکانی بەکارهێنانی وێستگەکانی (VSAT) ئەوانەی بە بگۆڕەکان دەبەسترێنەوە.

٢ـ کرێچی ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن، بە مەبەستی دامەزراندنی وێستگەکانی پشوودان و وێستگەکانی پڕکردنەوەی سوتەمەنی لەسەر ڕێگا دەرەکییەکانی دەرەوەی سنوری شارەوانییەکان، کە ڕێکسازییەکانی بە کرێدانی زەوی لەسەر ڕێگا دەرەکییەکان دەیانگرێتەوە، ڕێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرای لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم:**

١ـ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ڕێپێدراوە بە بەکرێدانی ئەو زەوییانەی نانەواخانە، ئاش، گەراج و شوێنەکانی چاکردنەوەی ئەو شوێنکارانەیان لەسەر بیناکراوە، بەو کەسانەی زیادکردنی ئاشکرای کڕینی ئەو شوێنکارانەیان بۆ یەکلایی دەبێتەوە.

٢- ئەو زەوییانەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە باسکراون بەدەر لە ڕێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرا بەکرێ دەدرێن، و بڕی بەرامبەری بەکرێدانەکەی پێشوەختە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پێکهێنراو بەپێی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دیاریدەکرێت.

**سێیەم:**

دەسەڵاتی تایبەتمەند، لەسەر داوای کرێچی، دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوون نین، و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بەکرێدراون، درێژ بکاتەوە، بەو مەرجەی بڕی بەرامبەری ڕاستەقینە (٣) سێ ساڵ جارێك بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراون، بخەملێنرێتەوە.

**چوارەم:**

١- دەسەڵاتی تایبەتمەند، لەسەر داوای کرێچی، دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی بۆ نیشتەجێبوون نین، و بەزیادکردنی ئاشکرا بەکرێدراون و ماوەی بەکرێدانی بنەڕەتیان لە (١٠) دە ساڵ کەمترە، بە مەرجێك درێژ بکاتەوە کە لە هیچ بارێکدا ماوەی گرێبەست بە هەردوو ماوەی بنەڕەتی و ماوەی درێژکراوەش پێکەوە لە (١٠) دە ساڵ تێپەر نەکات.

٢- پێویستە ئەو کرێچیەی خواستی درێژکردنەوەی هەیە، داواکارییەکی نووسراو بۆ درێژکردنەوە بەر لە (٣) سێ مانگ لە کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی بنەڕەتی پێشکەش بکات و، بە پێچەوانەوە، مافی داواکردنی درێژکردنەوەی نامێنێت.

٣- لەکاتی ڕەزامەندیدان لەسەر داواکاری درێژکردنەوە ئەوا سەربارێك دەخرێتە سەر بڕی بەرامبەری بەکرێدانی ناونراو لە گرێبەست بە ڕێژەی (١٠%) دە لەسەدی بەکرێدانی ساڵی پێش درێژکردنەوەکە بەرامبەر بە هەر ساڵێك لە ساڵەکانی درێژکردنەوە بەپێی هاوکێشەیەکی ژمارەیی بەدوای یەکدا هاتوو (متوالية عددية).

**ماددەی (٢٤):**

وەزیری دارایی و ئابووری بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لەسەر داوای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆی هەیە ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن بەکرێ بداتە وڵاتانی بیانی بۆ دروستکردنی بارەگای نوێنەرایەتییە سیاسیەکانیان یان قونسولخانەکانیان یان بۆ مەبەستی دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون لەسەریان یان نووسینگە بۆ پاشکۆکانیان ئەویش بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ماوەی بەکرێدانی ڕێگەپێدراو لە وڵاتی لایەنی بەرامبەر، بە بڕی بەرامبەرێك کە لیژنەیەکی تایبەت دەیخەملێنێت کە وەزیری دارایی پێکیدەهێنێت یان بەبێ بەرامبەر بە مەرجی بوونی مامەڵەی هاوشێوە لەلایەنی بەرامبەر.

## دەروازەی چوارەم
## فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا
## بەشی یەکەم
## فرۆشتنی موڵك وماڵە گوازراوەکان

**ماددەی (٢٥):**

بەهای ئەو موڵك و ماڵە گوازراوەی دانراوە بۆ فرۆشتن، لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە، بەبێ بەشداریکردنی نوێنەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە، دەخەمڵێنرێت، و ئەو ڕێکارانە دەگیرێنەبەر کە لە ماددەی (٩)ی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراون، بە ڕەچاوکردنی سروشتی موڵك و ماڵی نەگوازراوە.

**ماددەی (٢٦):**

لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدانی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە فرۆشتنی موڵك و ماڵە گوازراوەکە لە ئەستۆ دەگرێت بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ڕێکخستنی لیستێکی زیادکردن لەبەر ڕۆشنایی ئەو خەسڵەتانەی موڵك و ماڵە گوازراوەکە کە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە لە کۆنووسدا چەسپێنراون.

**دووەم:**

١- خستنەڕووی موڵك و ماڵەکە بۆ فرۆشتن لە زیادکردنی ئاشکرادا، بۆ ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژ کەمتر نەبێت و لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت ڕادەگەیەنێت، ماوەکە لە ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەی دەکەوێتە دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە بەهەمان ڕێکارەکانی دەقنووسکراو لەم یاسایە، دەستپێدەکات.

٢- پێویستە جاڕنامەکە گشت خەسڵەتەکانی ئەو موڵك و ماڵە گوازراوەیەی دانراوە بۆ فرۆشتن، شوێن و ڕۆژ و ڕێکەوت و کاتی زیادکردنەکە، مەرجەکانی بەشداریکردن و بڕی ئەو بارمتانەی پێویستە سپاردە بکرێن، لە خۆ بگرێت.

**سێیەم:** لیستی زیادکردنەکە لە ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەی دەکەوێتە دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە کراوە دەبێت، و پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی خواستی بەشداریکردنیان هەیە، سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ خستنەڕووی خواستی کڕین، بەو مەرجەی هەر یەکێکیان پێش بەشداریکردن لە زیادکردنەکە بارمتەیەك سپاردە بکات، کە بڕەکەی لە (٢٠%) بیست لەسەدی بەهای خەمڵێنراوی موڵك و ماڵەکە کەمتر نەبێت.

**چوارەم:** لەو ڕۆژەی دیارکراوە بۆ فرۆشتن لە کات و شوێنی دیارکراو بانگەواز دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنەکە بە بەهای خەمڵێنراو، بەمەرجێك بانگەوازەکە وەسفێکی تەواوی ئەو موڵك و ماڵانەی خراوەنەتەڕوو بۆ فرۆشتن، لەخۆبگرێت.

**پێنجەم:** زیـادکردنەکە بە ئاشـکرایی دەکرێـت، دواتـر لیـژنەی فرۆشـتن بڕیـار دەدات بە بەرکەوتنـی زیـادکردنەکە بـۆ دوایـین کەسـی زیادکـار، و ئەو خسـتنەڕووەی لە دوای تێپەڕبـوونی (٥) پێـنج خولەك هیچی لەسەر زیاد ناکرێت بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەنرێت.

**شەشەم:**

١- دەکرێـت لەسـەر بـڕی بەرامـبەری دوایـین زیـادکردن، لەمـاوەی (٥) پێـنج ڕۆژی کـار لە ڕێکەوتـی بەرکەوتنـی زیـادکردنەکە، بە بڕێـك کە کەمتـر نەبێـت لە (١٥%) پـازدە لەسـەدی دوایـین ئەو بـڕی بەرامبەرەی زیادکردنەکە پێی گەیشتووە، خستنەسەر (ضم) لەلایەن کەسی ترەوە بکرێت.

٢ـ داواکردنی خستنەسەرەکەش بە قبوڵکراو دانانرێت هەتا کەسی داواکار بارمتەی یاسایی بە ڕێـژەی (٢٠%) بیست لەسەدی ئەو بڕی بەرامبەرەی خستوویەتیە ڕوو، دانەنێت.

٣ـ ئەگەر خستنەسەر هەبوو، زیادکردنێکی نوێ بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەیەك بەهەمان میکانیزمی یەکەمجار، دەکرێتەوە، دواتر هەواڵە دەکرێـت و نابێـت جـارێکی تر خستنەسەر لەسەر کۆتا بڕی بەرامبەری زیادکردنەکە، بکرێت.

**ماددەی (٢٧)**

**یەکەم:** ئەگەر بڕی بەرامـبەری فرۆشـتنی موڵـك و مـاڵەکە لە ئەنجـامی زیـادکردنی ئاشکرا نەگەیشـتە بەهای خەمڵێنراو، ئەوا زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ درێـژ دەکـرێتەوە و لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکەوە دەستپێدەکات.

**دووەم:** موڵك و ماڵەکە لە زیادکردنی (دووەم) بەو نرخەی لەسەری دەوەستێت دەفرۆشرێت، ئەگەر لەو موڵك و ماڵانە نەبێت کە دەکرێت لە پیشەسازیی گۆڕین سوودی لێ وەربگیرێت.

**سێیەم:** ئەگەر لیژنەی فرۆشتن وایبینی ئەو نرخەی زیادکردنی دووەم لەسـەری وەسـتاوە بەرژەوەنـدی گشتی دەستەبەر ناکات ئەوا زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژی دیکە درێژ دەکرێتەوە و لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکەوە دەستپێدەکات، و موڵك و ماڵەکان لە زیادکردنی سێیەم بەو نرخە دەفرۆشرێن کە لەسەری دەوەستێت.

**ماددەی (٢٨)**

**یەکەم:**

١ـ ئەگەر ئەو کەسەی زیادکرنەکەی بۆیەکلایی بوەتەوە، پاشگەزبێتەوە و ئامادەنەبێـت لەمـاوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ، بڕی بەرامـبەری فرۆشـراوەکە و تەواوی خەرجییەکـان بـدات، ئەوا موڵـك و مـاڵەکە دەخـرێتە بەردەم دوایـن کەسـی زیادکـار، ئەوەی پـێش کەسـی پاشگەزبووەوە دەستی خۆی لە زیادکردنەکە کشاندۆتەوە، بەو بڕی بەرامبەرەی خستبوویەڕوو.

٢- ئەگەر دواین کەس لەسەر هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵەكە و پێشكەشكردنی بارمتە یاساییەکان بەڕێژەی (٢٠%) بیست لەسەدی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە ڕەزامەندبوو، ئەوا کەسی پاشگەزبووەوە بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر لەئەستۆ دەگرێت و لە بارمتەکانی وەردەگیرێت، و ئەگەر بڕی بارمتەکانی لە پابەندییەکانی کەمتر بوو، ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم، لە موڵك و ماڵەکانی دیکەی وەردەگیرێت.

**دووەم:**

١- ئەگەر دواهەمین کەسی بەشداربووی زیادکردنەکە کە پێش کەسی پاشگەزبووەوە دەستی لە زیادکردن کێشاوەتەوە، هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە ڕەتبکاتەوە، ئەوا سەرلەنوێ زیادکردن بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە ئەنجامدەدرێتەوە.

٢- لیستی فرۆشتنەکە لەو ماوەیەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە کراوە دەبێت ، و بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن، کەسی پاشگەزبووەوە جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەرەکە و خەرجییەکانی دووبارەکردنەوەی زیادکردنەکە لەئەستۆ دەگرێت و لە بڕی بارمتەکەی وەردەگیرێت، ئەگەر بڕی بارمتەکە کەمتر بوو لە بڕی پابەندییەکانی پاشگەزبووەوە ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکانی بەرکار لە هەرێم، لە موڵك و ماڵەکانی دیکەی وەردەگیرێت.

**سێیەم:** ئەگەر کەسێك نەبوو کە خواستی کڕینی موڵك و ماڵە گوازراوەکەی هەبێت ئەوا ئەو بارمتەیەی کەسی پاشگەزبووەوە داویەتی، دەبێتە داهاتێك بۆ لایەنی خاوەنداری موڵك و ماڵەکە، و ئەگەر بڕەکەی لە خەرجییەکانی هەردوو زیادکرنەکە کەمتر بێت، ئەوا کەسی پاشگەزبووەوە جیاوازییەکەی لەئەستۆ دەگرێت و بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لە موڵك وماڵەکانی دیکەی وەردەگیرێت.

**ماددەی (٢٩)**

دەکرێت موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بفرۆشرێن و بەکرێ بدرێن بەبێ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە خۆجێیەکان و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا و بە بەهای خەمڵێنراو، لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئەگەر فرۆشتن یان بەکرێدانەکە بۆ فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بێت.

**دووەم:** ئەگەر ئەو موڵك و ماڵانەی دانراون بۆ فرۆشتن تێکچوونیان خێرابێت یان بەهایان بەرەو کەمبوونەوە بچێت.

**سێیەم:** ئەگەر کۆی گشتی بەهای خەمڵێنراو بۆ ئەو موڵك و ماڵانەی دانراون بۆ فرۆشتن لە هەر حاڵەتێك لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**چوارەم**: ئەگەر خەرجییەکانی پارێزگاری لێکردن و چاککردنەوەی ئەو موڵك و ماڵانەی دانراون بۆ فرۆشتن زۆر زیاتر بێت بە بەراورد بە بەهاکەی.

**ماددەی (٣٠)**

هەردوو لیژنەی خەمڵاندن و لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدانی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی هەردوو ماددەی (٨) و (١٠)ی ئەم یاسایە بەبێ نوێنەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە، خەمڵاندنی بەهای موڵك و ماڵی گوازراوە و فرۆشتنی بەبێ زیادکردنی ئاشکرا لە ئەستۆ دەگرن.

**ماددەی (٣١)**

**یەکەم:** ڕادەستکردنی موڵك و ماڵی فرۆشراو، لەدوای دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتن و خەرجییەکان دەبێت و فرۆشتنەکە بە بنبڕ دادەنرێت، و کڕیار پابەند دەبێت بە گواستنەوەی لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕەوە، و دەسەڵاتی تایبەتمەند بەرپرسیارێتی لە ناوچوون یان ئەو زیانانە لەئەستۆ ناگرێت کە لە دوای ئەم ماوەیە دووچاری موڵك و ماڵەکە دەبێت.

**دووەم**: دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت ماوەیەکی لەسەر ڕاوەستان بداتە کڕیار کە لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت بۆ گواستنەوەی موڵك و ماڵەکە ئەگەر بە پێویستی بزانێت، یان پاساوێکی ڕەوا هەبێت و کڕیار کرێی لەکۆگا دانانی ماوەی لەسەر ڕاوەستانەکە لەئەستۆ دەگرێت.

**سێیەم**: لەحاڵەتی نەگواستنەوەی موڵك و ماڵە گوازراوەکە لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیارکراو یان ماوەی لەسەر ڕاوەستانەکە ئەوا کرێی لەکۆگادانانی لێوەردەگیرێت بە ڕێژەی (٠،٥%) نیو لەسەدی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە لەبری هەر ڕۆژێك دواکەوتن و بۆماوەی (٣٠) سی ڕۆژ، و ئەگەر ئەم ماوەیەش کۆتایی هات و کڕیار موڵك و ماڵەکەی نەگواستەوە، ئەوا فەرمانگە دەتوانێت بۆ دووبارە فرۆشتنەوەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، جاڕبداتەوە.

**چوارەم**: ئەگەر بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە لە زیادکردنی دووەمدا لەو بڕی بەرامبەرەی کە کڕیاری (یەکەم) داویەتی کەمتر بێت، ئەوا جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەرەکە و کرێی لە کۆگادانان لەئەستۆی کڕیاری (یەکەم) دەبێت و لەو بڕە پارەیە وەردەگیرێت کە پێشتر داویەتی، و ئەگەر بڕەکەی لە پابەندییەکانی کەمتربوو، ئەوا بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکانی بەرکار لە هەرێم، لە موڵك و ماڵەکانی دیکەی وەردەگیرێت.

**پێنجەم**: ئەگەر کەسێك نەبوو خواستی کڕینی هەبێت ئەوا دەکرێت لە یەکێك لە کۆگاکان سپاردە بکرێت بەو مەرجەی تێچووەکانی گواستنەوە و سپاردن لە ئەستۆی کەسی کڕیار بێت.

## بەشی دووەم
## بەکرێدانی موڵك و ماڵە گوازراوەکان

**ماددەی (٣٢)**

**یەکەم:** دەکرێت موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت لەکاتی پێویستی، بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەکرێ بدرێن.

**دووەم:** دەسەلاتی تایبەتمەند دەتوانێت بەبێ جاڕدان و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا، موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت، بە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم بەکرێ بدات.

## دەروازەی پێنجەم
## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی (٣٣)**

ئەگەر ئەو وادانەی بەپێی ئەم یاسایە دیاری کراون لە ڕۆژێکی پشووی فەرمیدا کۆتایی بێت ئەوا درێژ دەکرێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کارکردنی فەرمی کە دەکەوێتە دوای پشووەکە.

**ماددەی (٣٤)**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لەکاتی پێویست، بڕیار بدات بە فرۆشتنی موڵك و ماڵە گوازراوە و نەگوازراوەکانی دەوڵەت یان بەکرێدانیان بەدەر لەو رێکارانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

**ماددەی (٣٥)**

**یەکەم:** کرێی خزمەتگوزاری بەڕێژەی (٢%) دوو لەسەدی بڕی بەرامبەرەکانی فرۆشتن یان بەکرێدانی ئەو موڵك و ماڵانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە کڕیار یان کرێچی وەردەگیرێت.

**دووەم:** گشت ئەو خەرجییانەی پێویستن بۆ ئامادەکردنی موڵك و ماڵەکە بۆ فرۆشتن یان بەکرێدانی، لەو برە پارانەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە دەبڕدرێت، لە نێویشیاندا کرێی جاڕدان و بانگەوازکردن و کرێی لیژنەکانی دەرخستەکردن و خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان.

**سێیەم:** پاداشتێك دەبەخشرێتە لیژنەکانی دەرخستن، خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان و هەریەك لە فەرمانبەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و شارەزا و سکرتێری لیژنە و ئەمینداری سندوق و شۆفێرە هاوەڵەکانی لیژنە بەرامبەر هەر کۆنووسێکی خەملاندنی پەسەندکراو یان هەر لیستێکی زیادکردن بە مەرجێك کۆی گشتی ئەو پاداشتانەی دەبەخشرێنە هەر ئەندامێکی لیژنە مانگانە لە (٤٠٠,٠٠٠) چوارسەد هەزار دینار و بۆ هەر هاوەڵێکیش مانگانە لە (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**چوارەم**: ئەو بانگەوازکارەی هەڵدەستێت بە بانگەوازکردن بەمەبەستی فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە گوازراوە یان نەگوازراوەکانی دەوڵەت، کرێی بانگەوازکردنی پێ دەبەخشرێت بە بڕی (٥،٠٠٠) پێنج هەزار دینار لە بری هەر حاڵەتێکی فرۆشتن یان بەکرێدان بەو مەرجەی مانگانە لە (١٥٠،٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**پێنجەم**: ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ئەو کرێیانەی لە هەردوو بڕگەی (سێیەم) و (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقیان لەسەرکراوە، لەکاتی پێویستدا، هەموار بکات.

**شەشەم**:

١- لەدوای لێبڕینی ئەو کرێ و خەرجیانەی لە بڕگەکانی (دووەم) و (سێیەم) و (چوارەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراون و گشت ئەو کرێ و خەرجییانەی لە حاڵەتی پاشگەزبوونەوە و نەبوونی کەسێکی تر کە خواستی کڕینی هەبێت وەردەگیرێت، ئەو بڕەی دەمێنێتەوە لە کرێی خزمەتگوزاری، دەبێتە بەشێك لە داهات و بۆ خەزێنەی گشتی تۆمار دەکرێت.

٢ـ لەو ڕێژەیەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا دەقنووسکراوە، کرێی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی هەموو ئەو حاڵەتانە خەرج دەکرێت کە تیایاندا فرۆشتن یان بەکرێدان، لەبەر نەبوونی کەسێك کە خواستی هەبێت، ئەنجام نادرێت.

**حەوتەم**: حوکمەکانی ئەم ماددەیە بەسەر لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵە گوازراوە و نەگوازراوەکان، ئەوانەی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پێکدەهێنرێن، هەروەها بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هاوەڵی ئەم لیژنانەش دەکەن، پیادە دەکرێت.

**ماددەی (٣٦)**

ئەو پرۆژانەی ملکەچن بۆ حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەدەر دەکرین.

**ماددەی (٣٧)**

**یەکەم:** ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو لە هەرێم.

**دووەم:** ڕاگرتنی کارکردن بەو بڕیارانەی ئەنجومەنی بە ناو سەرکردایەتی شۆڕشی (هەڵوەشاوە) کە لە خوارەوە دێن:

١ـ ژمارە (٤٠٠) لە ١٩٨٧/٦/٧

٢ـ ژمارە (٥٢٢) لە ١٩٨٧/٧/٢١

٣ـ ژمارە (٨٣٢) لە ١٩٨٧/١٠/٢٨

٤ـ ژمارە (٥٥٧) لە ١٩٨٨/٥/٢٥

٥ـ ژمارە (٦٨١) لە ١٩٨٨/٨/٢

٦ـ ژمارە (٦٢) لە ١٩٩٠/٢/٤

**سێیەم**: ئەو ڕێنماییانەی بەپێی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) دەرچوون و ناکۆك نین لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، تاوەکو دەرچوواندنی ئەوەی جێگەیان دەگرێتەوە یان هەڵیاندەوەشێنێتەوە، بە بەرکار دەمێننەوە.

**ماددەی (٣٨)**

ئەو ڕێکاری و بڕیارانەی بەپێ حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن، ڕاستەوخۆ بۆ دیوانی چاودێری دارایی دەنێردرێن و، ملکەچی چاودێری و ووردبینی دەبن.

**ماددەی (٣٩)**

ئەنجوومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدرەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (٤٠)**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤١)**

وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**ماددەی (٤٢)**

ئەم یاسایە لەدوای تێپەڕبوونی ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٣/١٥**

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لەبەر گرنگی موڵك وماڵەکانی دەوڵەت چونکە خاوەنداریێتی بۆگەلە، دەسەڵاتی ئیداری پابەندە بە چاك ڕەفتارپێکردن بەم موڵك و ماڵانە بەو شێوەیەی بەرزترین سوود بۆ گەل دەستەبەر دەکات و بەرژەوەندی گشتی دەپارێزێت، بۆیە پێویستە فرۆشتن یان بەکرێدان یان بانەوانیی بەپێ چەند حوکمێکی یاسایی بێت کە ڕێکارەکانی ڕەفتارپێکردن بەم موڵك و ماڵانە بەزۆرترین ئاستی شەفافیەت و ڕوونی و نزیکی بۆ دادپەروەری ڕێکبخات، بەو شێوەیەی ئامانجەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت دەستەبەر بکات، لەبەر هەموو ئەمانە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە بڕیار : ٢**

**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٠/١/٣٠**

**بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (دووەم ) لە ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٧)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٣٠ ی بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (ئاشنا عبدالله قادر) لە لیژنەی (داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت).

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٠/١/٣٠ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فایق حسێن**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

---

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە فەرمان :١**

**مێژووی فەرمان٢٠٢١/٢/٢٥**

**فەرمانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی ( هەشتەم )ی ماددەی (٢٢) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەرێز ( ئومید عبدالرحمن حسن ) لە ڕۆژی ٢٠٢١/٢/١٨ لە ئەندامیەتی پەرلەمان بە دەستکێشاوە هەژماردەکرێت .

**د. ڕێواز فایق حسێن**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**